**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٦٨٧ لە ٢٠١٩/١/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخو ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و بەمەبەستی ڕێکخستنی تومارکردنی ئوتۆمبێلی تەکسی و کاری شوفێری تەکسی لە هەرێمی کوردستان ، بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم رێنماییە:

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩

## ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری شوفێری تەکسی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان

**ماددەی (١):-**

تۆمارکردنی تەکسی نویێ بەشێوازی وەرگرتنی رسوماتی تۆمارکردن ڕادەگیرێت ، و بۆ تۆمارکردنی تەکسی نویێ پێوستە تەکسییەك هەڵبوەشێندرێتەوە.

**ماددەی (٢):-**

١. پێویستە ئۆتۆمبێلی تەکسی بەناوی شوفێر بێت .

٢. گواستنەوەی ژمارەی تەکسی لە نیوان پارێزگاکانی هەرێم ناکرێت.

**ماددەی (٣):-**

مۆڵەتی کاری شۆفێری بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت:-

١- پێویستە شۆفێری تەکسی ئەندامی سەندیکای کرێکارانی گواستنەوە بێت .

٢- ڕەزامەندی ئەمنی هەبێت بۆ کارکردن وەك شۆفێر.

٣-موڵەتی شوفێری گشتی هەبێت و لەسەر موڵەتەکەی دەنوسرێت (تەنها بۆ شوفێری تەکسی) پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی شوفێری.

**ماددەی (٤):-**

١- لە هەر پارێزگایەك پێویستە تەکسییەکان لە هەمان پارێزگا کار بکەن.

٢- لۆگویەکی بازنەیی تایبەت بە تەکسی هەرپارێزگایەك دروست دەکرێت و لەسەر هەردوو دەرگای پێشەوەی ئۆتومبێلی تەکسی دەچەسپێنرێت.

٣- لۆگویەکی تایبەت بۆ تەکسی نێوان پارێزگاکان دروست دەکرێت و لەسەر هەردوو دەرگای پێشەوەی ئۆتومبێلی تەکسی دەچەسپێنرێت.

٤- دوو باجی تایبەت بە زانیاری ئۆتۆمبێل ، ناو و وێنەی شوفێر و ژمارەی هێلی گەرمی بەرێوەبەرایەتیەکانی (پۆلیس ، ئاسایش و بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان) لە ناو ئۆتۆمبێلی تەکسی دەدرێت ، یەکێکیان لە لای ڕاستی پێشەوە و یەکێکیان لە پشتی کورسی پێشەوەی لای ڕاست دەدرێت.

**ماددەی (٥):-**

لێژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامێتی نوێنەرانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و سەندیکای کرێکارانی گواستنەوە و هاتووچۆی گشتی و هاتووچۆی پارێزگاکان پێك دەهێنرێت بەمەبەستی سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی ئەم رێنماییانە.

**ماددەی (٦):-**

١- ئەم رێنماییە لەرۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

٢- پێویستە تا (٦/١/ ٢٠١٩) گشت خاوەن و شوفێری تەکسیەکان ئەم رێنماییە جێبەجێ بکرێت.

٣- لە دوای بەرواری برگەی (٢)ی سەرەوە هەر تەکسییەك شوفێری رێنماییەکانی جێبەجێ نەکردبێت ئەوا لەلایەن بەرێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆ دەستی بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا دەگیرێت.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**